دڵزار عابدی:

مۆسیقای ئێرانی گەورەترین درۆیەک بوو کە لە ژیانمدا بیستوومە، چونکە شتی وا نە بوون و نە ئیمکانی هەیە.

ئا: شەریف فەلاح

هونەرمەندێکی گەنج و داهێنەر و خاوەن ستایل و بە سەلیقەیە و ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی (١٩٩٥ز) لە سەقز لەدایك بووە و لە ماڵباتێکی هونەریدا بار هاتووە و هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لە خزمەت باوکی (مامۆستا عەلی عابدی) هونەرمەندی ژەنیار و ئاوازدانەر و تۆێژەری مۆسیقا فێری مۆسیقا و ئاواز و هونەری میوزیك کراوە.

لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە ئاوازدانانی دەست پێ کردووە و لە ١٥ ساڵیدا یەکەمین مۆسیقای ئۆرکێستراڵی خۆی تۆمار کردووە، ئەم گەنجە ئاوازدانەر و ژەنیارە کە خاوەن ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازە لەبارەی میوزیك و مۆسیقای کوردی و ئێرانی، لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە مۆسیقا و فەرهەنگی ئێران، ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣ز) لە تاران بڕوانامەی ئەندازیاریی دەنگ و فیزیکی دەنگی وەرگرتووە و تا ئێستاش جگە لە کاری ئاوازدانان، لە کاری دەنگهەڵگری بەردەوامە. خاوەن بڕوانامەی ماستەری ئاوازدانانە و لە زانکۆی هونەرە جوانەکانی تاران و لە کاتی خوێندکاریدا ڕێبەری چەندان ئۆرکێسترای جیاوازی مۆسیقای کردووە و لە کارنامەی هونەریی خۆیدا ئاوازی بۆ چەندان ئەلبوومی گۆرانیبێژانی کورد داناوە و ئێستا لە ناوەندی مۆسیقا و پەروەردەی مۆسیقای (نەکەرۆز) لە شاری سەقز وەك ڕاهێنەر و شارەزای مۆسیقای کوردی چالاکە و لەم دیمانە چڕوپڕەدا بۆ گۆڤاری (ڕامان) وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری داوەتەوە و هەندێ پرسی جیددی و پرسیارخوڵقێنی لەبارەی فەرهەنگ و مۆسیقای کوردی و ئێرانی خستووەتە ڕوو.

* له چەند وتەیەکدا له تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر پرسی فەرهەنگ، هەژموونی فەرهەنگی و ستراتیژیی فەرهەنگی و لێکەوتەکانیت ورووژاندووە، بەڕای ئێوە ئێمەی نەتەوەی کورد سەرەڕای بوونی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند، ڕەسەن و دێرین، لەبەرچی هێشتا لە هەژاریی فەرهەنگیدا دەژین؟

- ئەم پرسیارە پارادۆکسێکی گەورەی تێدایە «هەژاریی فەرهەنگی سەرەڕای بوونی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند»، پرسیارێك ساز دەکات؛ فەرهەنگی ئێمە دەوڵەمەندە، یان هەژارە؟

دەوڵەمەندی، یان هەژاریی فەرهەنگی وڵاتێك چۆن دەتوانین، ئەنازە بگرین؟ پێوانەی فەرهەنگ چییە؟ بۆ نموونە ڕێژەی چاپی کتێب دەتوانێ نیشانەی فەرهەنگی دەوڵەمەند بێت؟ نەخێر، چوون ئیمکانی هەیە کتێبگەلی لاواز و ئاست نزم بە دەیان هەزار دانەی لێ چاپ بێت، بەڵام هەر لەو وڵاتەدا بە دەیان ساڵ شاکارێکی ئەدەبی نەخوڵقێت و چاپ نەبێت. نموونەیەك دێنمەوە:

ئێرانییەکان لە هەموو میدیاکانیان بانگەشەی پێشکەوتنی زانستی دەکەن و بۆ ئەو شتە ڕێژەی زۆری نووسینی وتاری ISI لە ئێران دەکەنە بەڵگە، بەڵام جێگەی سەرنجە لە زانستدا هیچ کات وتار نابێتە بەرهەمهێنانی زانست، بەڵکو پێشەکییە بۆ بەرهەمهێنانی زانست، نەك خودی زانست، هەروەها لە جیهاندا زیاتر لە ٤٠٠ خەڵاتی زانستی بوونی هەیە، بەڵام پێوانەی هیچیان ISI نییە. مامۆستای زانکۆ لە ئێران هەیە کە زیاتر لە ٤٠٠ وتاری ISI نووسیوە، بەڵام کاتێك لێی دەپرسی تەنیا یەك کێشە لە وڵاتدا کە توانیوتە ڕێکارێکی بۆ بدەی نێو ببە، تەنیا یەك وەڵامت دەداتەوە: بێدەنگی.

لە مۆسیقاشدا دەتوانین هەر نموونە بێنینەوە کە هونەرمەند هەیە چەندان ئەلبوومی تۆمار کردووە، بەڵام تەنانەت یەك بەرهەمی لە کۆمەڵگەدا کاریگەریی نەبووە، بەڵکو کاریگەری نەرێنیی لەسەر کۆمەڵگە هەبووە، دەتوانین بڵێین ئەو هونەرمەندە و بەرهەمەکانی بە دەوڵەمەندی ناو ببەین، یان هەژاری؟ بەڵام سەرەڕای ئەو پێشەکییە، پێویستە بزانین پێوانەی دەوڵەمەندی، یان هەژاریی فەرهەنگی چییە؟ بەداخەوە پێوانەی ئێمەی کورد بۆ ئەو شتە خوڵقاوی بیرکردنەوەی بلیمەتی کورد نییە، بەڵکو «پێوانە»ی ئێمە هاوردەیە.

نموونەیەك باس دەکەم؛ «هەرچەندە فەرهەنگی ئێمە زیاتر لە فەرهەنگی ڕۆژئاوایی (بەتایبەت ڕۆژئاوای ئەورووپا) بچێت خۆمان بە پێشکەوتووتر، یان دەوڵەمەندتر دەزانین. بەداخەوەم بۆ ئەوەی «مەم و زین» بە شاکارێکی ئەدەبی بزانین دەبێ لەگەڵ «ڕۆمیۆ و جولێت»ی شکسپیر بەراوردی بکەین. « توانەوە»ی کولتووری لە هورزمی فەرهەنگی جیهانیدا بە «پێشکەوتن» پێناسە دەکەین. هەرچی ڕۆژئاواییتر بین، زیاتر پێشکەوتووترین!. ئەم بیرۆکەیە نەتەنیا لە خۆدۆڕانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا لێ حاڵی نەبوون و تێنەگەیشتن لە فەرهەنگی ڕۆژئاوا و کۆیلەیی فەرهەنگی دەسەلمێنێ.

واتە ئێمەی کورد پێش ئەوەی شتێك ئەنازە و پێوانە بکەین، پێویستە ئەو پێوانەی کە بەدەستمانەوەیە بیناسین، بەڕای من ئێمە خوان و پاشخانێکی فەرهەنگیی باشمان هەیە (یان باشترە بڵێم بوومان)، بەڵام لە سەد ساڵی پێشەوە (بەتایبەتی لە یەك دەیەی ڕابوردووەدا) ڕەوتی سروشتی فەرهەنگی کوردی بە لاڕێدا برا و ئێستا فەرهەنگی کوردستان لە «گیانەڵا» دایە.

* لە ڕوانگەی ئێوەوە ستراتیژی و پلانی دریژخایەنی فەرهەنگی بۆ نەتەوەیەکی وەك کورد کە خاوەن دەوڵەت - نەتەوە و کیانی سیاسی و دامەزراوەی نیشتمانی نییە، چۆن و بە چ شێوازێك جێبەجێ دەکرێت؟

- ستراتیژیی فەرهەنگی دوو پێکهاتەی سەرەکی پێویستە، یەکەم: داڕێژەری ستراتیژی، دووەم: «بەڕێوەبەری ئەو ستراتیژییە، داڕشتنی ستراتیژی بۆ ئێمە هەرچەند ئاسان نییە، ئەستەمیش نییە؛ پێم ناڵێن نەتەوەیەك كە خاوەن دەوڵەت نەبێ بە كامە وەزارەت و هێزی فەرهەنگی و سیستمی فەرهەنگی ستراتیژییەكانی بەڕێوە دەبات و لە بەرانبەر هورژمی فەرهەنگی چەندان سیستمی فەرهەنگی بەهێز بەرگە دەگرێت؟ لە هەموو ولاتێك ستراتیژیی فەرهەنگی لەلایەن ڕۆشنبیر و فەرهەنگییەكانەوە دادەڕێژرێت، بەڵام بۆ جێبەجێكردنی ئەو ستراتیژ و پلانانە، سیستمی فەرهەنگی و سەرمایەی پێویست و بەستێنی كۆمەڵایەتی و ئابووریی سەقامگیر و لە هەمووی گرنگتر ئازادی و خاوەنبوونی جوگرافیایی دەوێت، ئایا لە بێ كیانی و بێ دەوڵەتیدا؛ سیستمی فەرهەنگی تۆكمە و كۆمەڵگەیەكی سەقامگیر و ئابووریيەكی پتەو و سەرمایەی پێویست، جوگرافیای ئازاد دەستەبەر دەبێت كە بتوانێ ستراتیژی خۆیی جێبەجێ بكەی؟

بەڵام ئامانجی چەند ساڵە (وەك یەك دەیە) دەتوانین دیاری بكەین و كاری بۆ بكەین، ئەگەرچی ئەوە ناتوانێ فەرهەنگمان تەیار و دەوڵەمەند بكات، بەڵكو دەتوانێ هەندێك لە فەوتان ڕزگاری بكەین و ببێت بە سەرەتایەك بۆ ستراتیژییەكی دریژخایەنی فەرهەنگی.

* هێما و نیشانە فەرهەنگییەكان چۆن پێناسە دەكەی؟ كورد خاوەنی گەلێك هێمای شێوێنراوی فەرهەنگییە، ئەمانە لەناو فەرهەنگی فرەییخوازی دەسەڵاتی ئێراندا چۆن مامەڵەی لەگەڵ كراوە؟

- هێماكان دوو ڕۆڵ دەگێڕن؛ یەكەم سازكردنی یەكگرتوویی، دووەم، لە پێكهێنانی شوناسی نەتەوەییدا، كورد خاوەن هێمای میژوویی خۆی بووە، بەڵام ئەو هێمایانە تا چەند لە بواره فەرهەنگییەكانی دیكەدا ڕەنگی داوەتەوە؟ نموونە دێنمەوە: ئەوەندەی لەیلێ و مەجنوون (هێمای ئێرانی) بە هێمای عەشق لە ئەدەبیاتی كوردیدا ڕەنگدانەوەی بووە، ئایا بەو ڕێژەیە خەج و سیامەند ڕەنگدانەوەی هەبووە؟ بەدەیان و سەدان جار ڕۆستەم لە ئەدەبیاتی كوردیدا وەك هێمای قارەمانێتی هاتووە، بەڵام ئەدیبی كورد یەكێك لە هەموو قارەمانەیی لە كۆمەڵگەی كوردستاندا بە هەوێنی هێمایەكی قارەمانی كوردەوە ناژی، واتە هێمای كوردی هەموو كات وەك هێمایەكی پلە دوو چاوی لێ كراوە و ڕۆڵی گێڕاوە و نەمانتوانیوە بۆ یەكگرتوویی و پێكهێنانی شوناسی نەتەوەیی ڕۆڵیان پێ بگێڕین، واتە هێماكان لەناو سینگی بەیتبێژان و لاپەڕەی كتێبە میژوونووسییەكاندا چاوەڕێی ئێمەن، بەڵام جارێ هەستمان بەو پێویستییە نەكردووە.

* پێوەندی نێوان مۆسیقا و گەشەكردنی فەرهەنگی چییە؟ نەتەوەی باڵادەست لەڕووی میژوونووسییەوە چۆن هەوڵی سڕینەوە، لەخشتەبردن و بەلاڕێدابردن و بە مۆڵككردنی موزیك و میلۆدی كوردی داوە، ئایا توانیویە ئامانجەكانی بپێكی، واتە میژووی مۆسیقای كوردی شێواندووە؟ چۆن؟

- مۆسیقا وەك ئەكتیڤترین هونەر دەتوانێ ڕۆڵی كۆمەڵایەتی گرنگ بگێڕێ و هزر و هەست تێكەڵ بكات و بچێتە هەموو قوژبنێك، هەر بۆیە مۆسیقا بۆ دەسەڵاتداران هەم تۆقێنەرە و هەم كەرەستەیەكی خۆشەویستە، چۆنیەتی مامەڵەكردنی نەتەوەی باڵادەست بە مۆسیقا بۆ جێبەجێ كردنی پلانەكانی سەدان ساڵ كاتی بردووە و شرۆڤەی بەڕاستی لە چەند پەرەگراف كۆ نابێتەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم مۆسیقای خۆیان لە جوگرافیای خۆیان لە حاڵی لەناوچوون (یان باشتر بڵێم خەریكە دەچێتە موزەخانە)وە، هەر بۆیە وەك بەستێنێك دەنواڕننە كوردستان كە بتوانن تۆوی مۆسیقای خۆیان لێرە بچێنن بۆ ئەوەی لێرە دریژە بە ژیانی بدات، تا

ئێستا لە چاندنی تۆوی مۆسیقای خۆیان لە کوردستان سەرکەوتوو بوون، ئەم تۆیە ئایا لە کوردستان دەبێتە نەمام؟ پێوەندیدارە بە مامەڵەی ئێمە لەگەڵ ئەو تۆوە بێگانەی کە لە بەستێنی کۆمەڵگەی ئێمە چاندوویانە، ئەوان خۆیان قوربانی هورژمێکی فەرهەنگیی گەورەن و ئەزموونەکانیان لەو هورژم پێکراوییە لە هورژمکردنی بۆ ئێمە بەکاریان هێناوە، ئەم جار وەك هورژمکار.

مۆسیقای ئێرانی گەورەترین درۆیەك بوو کە لە ژیانمدا بیستوومە، چونکە شتی وا نە بوونی هەیە و نە ئیمکانی هەیە، بەڵکو ئەو مۆسیقایە کە ناوی ئێرانیان لێ ناوە، مۆسیقای فارسییە و بە پشتیوانی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی پاش قاجار داسەپاوە و ناوی ئێرانیی لێ نراوە بۆ ئەوەی نەتەوەی ژێردەست بە مۆسیقای خۆی بزانێت و وا بیر بکاتەوە ئەویش بەشێکە لەو مۆسیقایە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر شرۆڤەی میژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەو مۆسیقایە، دەتوانێ گوێگر و بینەر لە ئاستی شانۆیەکی کۆمیدیدا بێنێتە پێکەنین! ئەو مۆسیقا فارسییەش کە ناوی ئێرانییان لێ ناوە، ئەوە ستراتیژیی فەرهەنگی بەهێز (کە ڕۆژئاواییەکان بۆیان داڕشتوون) و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری، ئەو مۆسیقایەی داسەپاندووە، نەك هێز و دەوڵەمەندیی سروشتی خۆی.

ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لە هەموو وڵاتێکدا بوونی هەبووە، بەڵام بە فەرمی ناساندنی ستایلێك لە میوزیك و داسەپاندنی بەسەر نەتەوەکانی تر لەژێر ناوی «فەرمی» و «میللی» و تەرخانکردنی میدیا و سەرمایەی هەرە زۆری فەرهەنگی بۆی و لەلایەکی تر لە پەراوێزخستنی مۆسیقای میللەتێك لەژێر ناوی «ناوچەیی» و وردە فەرهەنگ ناچێتە خانەی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی، بەڵکو ئەوە قۆڵ هەڵماڵینە بۆ لەناوبردنی مۆسیقای ئەو میللەتە.

* ئەو ئەندێشەی پان ئێرانیزم و فرەییخوازە چۆن لێك دەدەیەوە کە جیا لەوەی سەرلەبەری فەرهەنگ و میژووی گەلانی ئێران بە مولکی خۆیان پێناسە دەکەن، کەچی بۆ ناو فەرهەنگی گەلانی ڕۆژهەڵاتی دوور و تەنانەت ئەوروپاش باز دەدەن، چی وای لێیان کردووە، بەو چەشنە بیر بکەنەوە؟ چۆن بەرەنگاری ببینەوە؟

- تەماحی دەسەڵاتی سیاسی لە هەموو دنیا بوونی هەیە و بۆ «بەرژەوەندیی نەتەوەیی» خۆیان لە هیچ کار و پلانێك نابوێرن. ئەندێشەی پان ئیرانیزم بە ئێمە لەناو ناچێت، بەڵام بە بەهێزکردنی خۆمان دەتوانین مەترسییەکانی ئەو تەماحە بۆ سەر کۆمەڵگەکەمان پووچەڵ بکەینەوە، واتە مانەوەی ئێمە لە گرەوی بەهێزکردنی خۆمانە، نەك لەناوبردنی ئەم و ئەو. ئەوان خەریکن وەهم دەفرۆشنەوە. وەهمێك لە ڕابوردوو، ڕابوردوویەك کە هەر ئەوەندە ڕاستە، وا «سیمرغ» و «هوما» و «ڕۆستەم» و « ئێران و توران». ئەوان لە نەبوونی دیسکۆرسی نەتەوەیی ئێمە کەڵکیان وەرگرتووە. (لە شوێنێك مەلا نەبێت، کەڵەشێر بڵقاسمە).

* جیاوازییە زانستی و بنەماییەکانی میوزیك و میلۆدیی کوردی و ئێرانی لە چیدایە، لە بنەڕەتدا شتێك بەناوی مۆسیقای ئێرانی (نەتەوەی فارس) هەیە، یان نا؟

- سێ تایبەتمەندی سەرەکی لە نێوان هەردووکیاندا هەیە:

١- مۆد (مایە).

٢- ڕۆڵی دەرەجەکان.

٣- مۆدێڵی میلۆدی.

هەندێك لە مۆدەکانی کوردی و فارسی هاوبەشن، هەروەك چۆن لەگەڵ میللەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوبەشمان هەیە، بەڵام ئێمە مۆدگەلێکمان هەیە کە فارسەکان بە حەیاتیان کەڵکی لێ وەرناگرن و هەروەك هەندێك لە مۆدەکانی ئەوان لەناو بناغەکانی

مۆسیقای ئێمەدا بوونی نییە.

لە مۆدەکانیش «ڕۆڵی دەرەجەکان» لەناو مۆسیقای کوردی و فارسیدا جیاوازە.

مۆدێلی میلۆدیمان کە زۆر زۆر لێك دوورە کە زیاتر بە میللەتانی دیکەوە نزیکین تا بە فارس. ئامێرەکانمان لێك جیاوازن، نە تار هی ئێمەیە و نە دیوان ساز هی ئەوانە.

ڕێپێرتواری مۆسیقای ئەوان ڕەدیفییە و مۆسیقای ئێمە مەقامییە. ئەوانیش پێشتر مەقامی بوون، بەڵام نەك ئەو مەقامییەی ئێمە. لەباری میژووییەوە هەتا بەرەو دوا بگەڕێینەوە جیاوازی نێوان ئێمە و ئەوان زیاتر دەبێت، ئەگەر ئێمە ڕیشەمان لە یەك بێت، کەواتە کاتێك دەگەڕێینەوە دەبێت خاڵە هاوبەشەکان زیاتر بێت نەك کەمتر، ئەوە لە سەد ساڵی ڕابوردوو بوو بە داسەپاندنێکی نەرم و سیستماتیك هەوڵ بۆ نزیککردنەوەی مۆسیقای کوردی لە فارسی دراوە، ئەوانەی بەڵگە دێننەوە و خۆیان ڕەش و شین دەکەنەوە، بیسەلمێنن ئەم دوو مۆسیقایە یەك ڕیشەیان هەیە، نە لە مۆسیقای ئێرانی حاڵی بوون و نە لە مۆسیقای کوردی.

* ڕوانگەت لەبارەی ئامێرە ڕەسەنە کوردییەکان چییە؟ هونەرمەندە کوردە پایتەخت نشینەکان توانیویانە بیانپارێزن؟ ئەی سیاسەتی فەرهەنگیی دەسەڵات چ هەوڵێکی (سیاسەتی نەرم ئامێر) ی داوە تا لە ڕێگەی ئەکتەرە کوردییەکانەوە بە پلانەکانی بگات؟

- ئامێرە مۆسیقاییەکان بەپێی مۆسیقای هەر فەرهەنگێك دروست دەبن و گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئامێرە کوردییەکان لەگەڵ مۆسیقای ڕەسەنی کوردی زۆر گونجاون، بەڵام ئێستا پێویستە ئەو ئامێرانە هەندێك گۆڕانکارییان بەسەردا بێت و پێشکەوتن بەخۆیانەوە ببینن، بەڵام ئێستا بە جێگەی ئەوەی سازەکانی خۆمان چاکتر بکەین، فرێیان دەدەین و پەنا دەبەینە بە ئامێری فەرهەنگی داگیرکەران.

من پێیان ناڵێم هونەرمەندی کوردی نیشتەجێی تاران، چوون ئەوانە بە هیچ پێوانەیەکی شوناسی نەتەوەیی، کورد نین، ئەوانە بە ڕەچەڵەك کوردن، دابونەریتیان ئێرانییە (فارسی)یە. بیرکردنەوەیان ئێرانییە. هەڵسوکەوت و بەها کۆمەڵایەتییەکانیان ئێرانییە، میلۆدییەکی کوردی کە ئاڕێنجی دەکەن ئێرانی ئاڕێنجی دەکەن. ناوی منداڵەکانیان فارسییە. ئەستەمە یەکێکیان پەیدا بکەی بتوانێ دێڕێك شیعری کوردی بخوێنێ و شی بکاتەوە، بۆ پەرەپێدانی مۆسیقای ئێرانی تێدەکۆشن، نەك مۆسیقای کوردی، هەموویان ژەنیاری ئامێرە ئێرانییەکانن، هیچ کەسێك نە بیستوویە و نە دیویەتی یەك دانەیان توانیبێتی مەقامێکی کوردی بڵێت. دڵنیا بن ئەگەر داوایان لێ بکەن چیرۆکی بەیتێکی کوردیتان بۆ بگێڕنەوە، جەڵتە لێیان دەدات.

بۆیە ئەوانە چاکترە بڵێین هونەرمەندانی فارسی بە ڕەچەڵەك «کورد» (کورد تبار).

ئێستا بزانین ئەو هونەرمەندە «فارسە بە ڕەچەڵەك کوردانەی تاران» توانیویانە مۆسیقای کوردی بپارێزن و پەرەی پێ بدەن؟

ئەوانە لەلایەن دەسەڵاتی فەرهەنگی ئێرانییەوە بەکرێ گیراون کە مۆسیقای کوردی لە ڕەوتی سروشتی خۆی بە لاڕێدا بەرن، یان بە واتایەك «ئێرانیزە»ی بکەن و بی فارسێنن. ئەوان میلۆدی کوردیان برد و بە ڕوانینێکی ئێرانی ئاڕێنجیان کرد و هەڵبەت هۆنراوەکەیان سەقەت کرد و لە هەموو جێی سەرنجتر بەناوی خۆیان بڵاویان کردووەتەوە، نموونە کاك ئەردەوان کامکار گۆرانیی «شلێرە»ی بۆ حوسێن شەریفی ئێرانیانە ئاڕێنج کردووە و میلۆدییەکەی بە ناوی خۆیەوە کردووە کە هەموومان دەزانین ئەو

میلۆدییە زۆر زۆر پێش لەوەی کاك ئەردەوان لەدایك بێت، ئێمە لە مامۆستا (تاهیر تۆفیق)مان بیستووە، دەتوانم سەدان نموونەی دیکە لەوانی دیکەش بێنمەوە، بە واتایەك دەتوانین بڵێین ئەوە مۆسیقای کوردییە خزمەتی بەوان کردووە و لە خوانی مۆسیقای کوردی خواردوویانە و هەوڵیان بۆ مۆسیقای «ئێرانی» داوە و ویستوویانە مۆسیقای کوردی «ئێرانیزە» بکەن، بێ گومان حکوومەتیبوونی ئەوان کاریگەریی زۆر زۆری لە ناوداربوونیان هەبووە. ئەوان بە پشتیوانی و پلان و میدیای نەتەوەی بااڵدەست لە ئێمەیان کردن بە «سلبریتی». ئەگینا کامە بەرهەمە کە ئەوان بە خەزێنەی مۆسیقای کوردی زیادیان کردووە؟ هەموو بەرهەمەکانیان دووپاتکردنەوەی بەرهەمەکانی ڕابوردوو بوو و تەنیا زەحمەتیان کێشا «فارساندیان».

ستراتیژیستە فەرهەنگییەکانی ئێرانی باش باش لە خاڵە الوازەکانی ئێمە ئاگادارن، چاك دەزانن تاکی کورد چەندی پێخۆشە بێگانەیەك تاریفی بکات، هەربۆیە بە خەاڵتکردنی ئەم «فارسە بە ڕەچەاڵك کوردانە» لەبەرچاوی تاکی کورد شیرینیان کردن، ئەگینا تا یەك دەیە لەمەوپێش خەاڵکی کوردستان بە چاوی خائینێك تەماشای دەکردن (کە ڕوانینێکی ١٠٠٪ ژیرانە بوو)، بەاڵم بە پڕوپاگەندەی میدیاکانی باشووری کوردستان، بانگهێشتیان بۆ فیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکان، سەرلێشێواوی سیاسی و فەرهەنگی ڕۆژهەاڵتییەکان، هەوڵی کۆمەاڵگەی مەدەنی ڕۆژهەاڵت (سازکراوی دەستی دەسەاڵتداران)، ئەو کۆنسێرتانەی کە لە دەرەوەی وااڵت بۆیان ساز کردن، بووە هۆی ئەوەی لەم سااڵنەی دواییدا ڕوخساری چەپەڵیان جوان بکرێتەوە، کەسیش نەپرسی چ بوو و بۆچی ڕوخساری ئەم خائینانەمان کرد بە «خزمەتکاری فەرهەنگی کورد»، یان «شانازی گەل و نیشتمان»؟!

فەرهەنگ، هەروەك سیاسەت ڕووی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، هەندێك سیاسەت هەیە کە کۆمەاڵگە لەناو دەبات و هەندێك خزمەتی دەکات، هەندێك کەسایەتی سیاسی هەیە بۆ خزمەت بە خەاڵك تێدەکۆشێ و هەندێکیش بۆ لەناوبردنی خەاڵك، بەاڵم خۆ کەسایەتییە نەیارەکە نااڵێت من بۆ لەناوبردنی خەاڵك تێدەکۆشم، فەرهەنگیش هەروایە. هەندێك بەرهەم و کەسایەتی فەرهەنگی کۆمەاڵگە لەناو دەبات و هەندێك خزمەت دەکات. ئەو کەسایەتییە دەتوانێ زۆر چاك و پڕۆفیشناڵ ئامێرێك بژەنێ، بەاڵم لە بۆ لەناوبردنی کۆمەاڵگە بیژەنێ، کەواتە هەرکەس چاك ئامێری مۆسیقای ژەنی، یان شیعری چاکی نووسی، ناتوانین بە خزمەتکاری بزانین، چاك شیعر نووسینی ئەو ناتوانێ لە خزمەتی سیاسەتە فەرهەنگییەکانی دوژمنانی میللەتدا بێت؟

«هەر کەس ئامێری مۆسیقای بە چاکی ژەند، ئەوە خزمەتی چاك دەکات» ئەم ڕوانینە زۆر ساویلکانەیە کە بەداخەوە ئێمەی کورد تووشی بووین، یان بڵێم تووشیان کردین.

بە ڕوانینە ساویلکانەکەی خۆمان جەوهەری هەموو چەمکەکانمان لەناو برد. خزمەت، خزمەتکار، دڵسۆز، دڵسۆزی، هونەرمەند، مامۆستا و... تاد، هەموومان خراپ کردووە و پێویستە دووبارە پێناسەیان بکەینەوە.

ئەگەر ئێمە ڕوانینێکی دروستمان لە فەرهەنگ و بارودۆخی کۆمەاڵگەی خۆمان هەبوایە، پەیکەری نەگریسیمان بۆ ئەم هونەرمەندە فارسە بە ڕەچەاڵك کوردانە ساز دەکرد و وەك هێمای نەگبەتی میللەتی کورد لە ئەدەبیاتی داستانیمان دەمانهۆنییەوە، ئەگەر مۆسیقای کوردی بە «مەم و زین» بشوبهێنم؛ ئەوانە بەکرە شۆفارێك زیاتر نین.

لە هەمان کاتدا کە ئەم فارسە بە ڕەچەاڵك کوردانەیان

لە میللەتی کورد کرد بە سلبریتی، هونەرمەندانی ڕاستەقینەی کورد خنکێنران و لە پەراوێز خران و بە دەیان پلانیان بۆ دارشتن کە لە بواری فەرهەنگ وەدەریان بنێن و خەڵك نەیانناسن و دەنگیان نەبیسرێت، بەڕاستی کە دەسەڵاتی فەرهەنگی باشووری کوردستان و میدیاکانی ڕۆژهەڵات و دوژمنانی گەلی کورد لەم پلانە چەپەڵەدا هاوکار و هاودەنگ و هاوبیر بوون.

«هونەر و فەرهەنگ پێوەندی بە سیاسەتەوە نییە» ئەو کەسەی ئەم ڕوانینە بڵاو دەکاتەوە و بانگەشەی بۆ دەکات، چەند دەتوانێ ساویلکە و گەمژە بێت، یان فێرکراو و بەکرێگیراو بێت، ئەم لاو ئەولای دوژمنان بێ، ئەمە یەکێك بوو لەو ڕوانینانەی کە ئەم خائینانەی هێنایە ناو کۆمەڵگەی کوردستان، بەداخەوە ئێمە نە لە سیاسەت حاڵین و نە لە فەرهەنگ و نە لە هیچ فەرهەنگ، ئەگینا هیچ کات گوێمان لەم جۆرە بابەتانە نەدەبوو.

* مۆسیقای کوردی لە ڕووی پێگەوە ئەو ئاستەی بڕیوە بکرێ بڵێی لە ئاستی مۆسیقای جیهانیدایە؟ خاڵە بەرجەستەکان و هاوکات خەسارەکانی مۆسیقای کوردی لەم بارودۆخەدا بە ڕای ئێوە کامانەن؟

- «کابرایەك نانی نەبوو بیخوا، دەچوو تەرەپیازی دەکڕی» ئەمە لەناو پەندی پێشینیانی کورددا هاتووە، ئێمە ئێستا لە حاڵی توانەوە و ئاسیمیلە و لەناوچوونی فەرهەنگیداین، بەڵام خەمی جیهانیبوونمانە، ئایا ئێمە توانیومانە لە ئاستی ناوخۆدا پێویستییەکانی گوێگری کورد وەڵام بدەینەوە؟ ئایا هیچ دەزانین مۆسیقای کوردی لە«تەنگژە»دایە؟ من پێم وا نییە کە هونەرمەندی کورد و دەسەڵاتی فەرهەنگی کوردستان و میدیاکانمان هەستیان بەو تەنگژەیە کردبێت، ئەگینا هەموویان بە تێکڕا نەدەچوونە خزمەت مۆسیقای ئێرانی، ئەوەندەی لە میدیاکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوێم لە مۆسیقای سوننەتیی ئێرانی دەبێت، بە ڕاستی هێندە لە کەناڵە فارسییەکان نایبیستم، لەژێر ناوی «خەڵك پێی خۆشە» خەریکن خزمەت بە وروژمی فەرهەنگی دەکەن و خۆیان بەشێکن لەو وروژمە، هێشتا کولتوورڤانی کورد نازانێ کە «سەلیقە» ساز دەبێت و دەتوانی «سەلیقە» ئاراستە بکەیت، هەر مۆسیقایەك (هەرچەندە ناخۆش، یان ئاست نزم، یان ئاست بەرز) بێت، میدیا دەتوانێ دوای ماوەیەك لە سەلیقەی خەڵکدا بیگونجێنێت، زۆر بەداخەوەم کە میدیاکانی ئێمە هێشتا نازانن، (یان دەزانن و بەکرێگیراون) کە بۆ سەرکەوتنی وروژمی فەرهەنگی بۆ سەر کوردستان کار دەکەن، لێرەوە هاوار دەکەم؛ «مۆسیقای کوردی لە تەنگژەدا دەژی و لەناوچوونی نزیکە»، ئەمە نە تۆقاندنی خەڵکە، نە بانگەشەی بێ بنەما، دەتوانم لە هەر دیمانە و وتارێکدا بیسەلمێنم.

* لەو کاتەوە کە کورد خۆی لە دنیای ڕاگەیاندنی هاوچەرخ و بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بینیوەتەوە، شەپۆلێکی خواروخێچ و کرچوکاڵ لە بەرهەمی هونەری لەلایەن گەنجان و بەهرەمەندانی مۆسیقا و میوزیکی کوردی دەستی پێ کردووە، تۆ چۆن لێی دەڕوانی، ئەمانە دەچنە چ خانەیەکەوە؟

- «ئافراندن» گرنگترین خاڵە لە فەرهەنگدا، دەبێ بە هۆی زیندوومانی فەرهەنگ. ناوونیشانی هەڵەیان بە ئێمەدا. ئێمەیان فێر کرد کە دووپاتکردنەوە و سەد پاتکردنەوەی بەرهەمە هونەرییەکان یانی «پاریزوانی لە کولتوور». کە ڕاستییەکەی جێگەی داخە! ئەوەی کولتوور زیندوو ڕادەگرێ، ئافراندن و ڕسکاندنی بەرهەمی فەرهەنگییە، هەموو ئەو هەوڵانە کە ڕەنگە ئێمە پێمان وابێت ئاساییە، یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سروشتییە لە هەڵەداین ئەوە بەشێکە لە ستراتیژی فەرهەنگی داگیرکەران، بۆ ئەوەی لەژێر ناوی « پاریزوانی»، ئافراندن لە فەرهەنگی کوردی بستێننەوە و بمانخەنە ناو بازنەی

دووپاتکردنەوەی بەرهەمەکانی ڕابوردووەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە نوێکردنەوەی بەرهەمی ڕابوردوو نەڕێنییە، بەڵکو نوێکردنەوە دەبێت لەسەر بنەمای ڕەخنەیەکی زانستی و جیددی لەو بەرهەمەی پێشوو ساز بێت و هەوڵ بۆ چاکتر بەرهەمهێنانی بدرێت، دەبینین کە ئەم نوێکردنەوانە زۆربەیان لە شێوەی پیشووی خۆیان لاوازترن و جەماوەر بێزار دەکات، کەواتە هەوڵێکە بۆ داسەپاندنی ستراتیژی داگیرکەران، هەر بۆیە ئێمە دەڵێین خەسار یەک و دووان نییە و لە تەنگژەداین.

* ئەی پێناسەت بۆ مۆسیقا و میلۆدیی ڕەسەن چییە؟ سنووری کانی لەگەڵ میوزیکی هاوچەرخ چییە؟ ئەو هەوڵ و چالاکییانەی کە لەلایەن هەندێ کەسەوە دراون بۆ نوێکردنەوە و دووبارە داڕشتنەوەی مۆسیقای کۆن و ڕەسەن چۆنیان دەبینی؟

- پێناسەکردنی میلۆدیی ڕەسەن و ئانالیز و شرۆڤەی کارێکی زانستی و پیشەییە، هەربۆیە ئەگەری ئەوە هەیە خوێنەرانی ئەم وتوێژە لە هەندێك چەمکی تایبەت بە مۆسیقا تێ نەگەن کە ئاساییە، بەڵام دەتوانم بڵێم یەکێك لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی گونجاو، بوونی ئەو میلۆدیانەیە لەگەڵ شیعری ڕەسەن و فۆلکلۆری کوردی، هەروەك دەزانن کێشی شیعری فۆلکلۆری کوردی، عەرووزی نییە و کێشی تایبەت بە خۆی هەیە. ڕەوتی میلۆدی (دەستپێك و بەرزبوونەوە و دابەزینی) تایبەتە و جیاوازە لەگەڵ میلۆدییەکانی دیکە، هەروەها جوانکاری (زینەتەکان) جیاوازن لەگەڵ میلۆدی گەلانی دیکە، مۆدێلاسیۆن بوونی نییە و ئالتراسیۆنی تایبەتە و سنووردارە هەیە.

چوار شێوازی گشتی لە نوێکردنەوەی بەرهەمە ڕەسەنە کوردییەکان بوونی هەیە (لە ڕوانگەی شێوازەوە):

١- داڕشتنەوەی ڕۆژئاوایی.

٢- داڕشتنەوەی ئێرانی و تورکی.

٣- داڕشتنەوەی ڕەسەن.

٤- داڕشتنەوەی تێکەڵی (تلفیقی).

جۆری یەکەم: هەوڵێکە بۆ بەجیهانیکردنی مۆسیقای کوردی و ناساندنی بە وڵاتانی دیکە دەتوانم ئاماژە بە بەرهەمەکانی مامۆستایان موجتەبا میرزادە و دڵشاد سەعید و زاهید بریفکانی و... بکەم.

جۆری دووەم: کە بۆ سەپاندنی هەژموونیی فەرهەنگی داگیرکەرانی کوردستانە و دەچێتە خانەی هوروژمی فەرهەنگی بۆ سەر میللەتی کورد.

جۆری سێیەم: پێویستی بە زانست و توانایی باشە کە لە هەمان کاتدا ڕەسەنایەتی بپارێزرێت و هەوڵ بۆ پەرەسەندنی بدرێت.

جۆری چوارەم: لە هەموو میللەتێك بوونی هەبووە و هەیە تێکەڵێکە لە نێوان مۆسیقای میللەتان و شێوازە جۆراوجۆرەکان بەگشتی لە هەرچوار جۆردا (جگە لە دووەم کە بۆمان ڕوونە ئامانجی چییە) هەم بەرهەمی چاك خولقاوە و هەم لاواز.

* سەرەتای دامەزرانی تیپی مۆسیقای (نەکەرۆز) لە ڕۆژهەلات بۆ کەی دەگەڕێتەوە و لەو ماوەیەدا چ خزمەتێکی بە مۆسیقای کوردی کردووە و پلان و بەرنامەی کاری ڕابوردوویان چۆن بووە؟

- ئەم گرووپە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی (١٩٩٢ز) مامۆستا عەلی عابدی هونەرمەند، ئاوازدانەر و توێژەری مۆسیقای کوردی بنیادی ناوە و یەکێکە لەو گرووپە دەگمەنانە کە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەلاتدا ئەندامی هەیە، ئەم گرووپە ماوەیەك چەندان کۆنسێرتی ساز کردووە. لەوانە:

- کۆنسێرت لە شاری سەقز ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی (١٩٩٣ز)

- کۆنسێرت لە شاری سنە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی (١٩٩٤ز)

- کۆنسێرت لە شاری سنە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی (١٩٩٦ز)

- کۆنسێرت لە شاری سەقز ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی (١٩٩٧ز)

ئەم گرووپە لە دوای ساڵی ١٣٧٧ (١٩٩٨ ز) بەهۆی ئەوەی سەرپەرشتی گرووپ (مامۆستا عەلی عابدی) لەلایەن حکوومەتەوە چالاکی لێ قەدەغە کرا، کۆنسێرتی دیکەی بەڕێوە نەبرد، بەڵام لە چەندان بەرنامەی دیکەدا چالاکی نواند، لەوانە: ساڵیادی هەڵەبجە لە زانکۆکانی تاران، ئیسفەهان، تەورێز، هەمەدان، سنە و... تاد.

گرووپی نەکەرۆز ڕۆڵی لە تۆمارکردنی چەندان ئەلبوم و بەرهەمی گۆرانیبێژانی کورددا گێڕاوە، لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە: کامەران عومەر، مەحموود هەژیر، ئومێد مستەفا، محەمەد کێلەشینی، سەید محەمەد سەفایی، ئەردەوان ڕۆستەم پوور، محەمەد گۆمانی، حیسام حوسێنی، حوسێن دانایی، مستەفا زەریفی، شێرزاد حەسەنزادە، هیوا حوسێنی و... تاد».

* ڕۆڵی مامۆستا عەلی عابیدی (باوکت) وەک هونەرمەندێکی ژەنیار، ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ و شارەزای مۆسیقای کوردی لە سەرخستنی تیپی نەکەرۆز چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟

- بێ گومان ئەگەر مامۆستا عابدی نەبووایە، هیچ کات ئەو گرووپە ساز نەدەبوو و قەت نەیدەتوانی دریژە بە تەمەنی هونەری خۆی بدات، زیاتر لە ٢٠ ساڵە مامۆستا عابدی بێ بەرانبەر و بەوپەڕی دڵسۆزی لە ماڵی خۆی جێگەی پرۆڤەی خستووەتە بەردەست گرووپەکە و هەموو تۆمارکردن و پرۆڤەی ئەو گرووپە لە ماڵی مامۆستا عابدی بووە، بۆ خۆی هەموو ژەنیارەکانی ڕاهێناون و بێ بەرانبەر وانەی میوزیکی بە زۆربەیان وتووەتەوە، لە هەمووی گرنگتر وەک باوکێکی دڵسۆز، تەنانەت بەدەم کێشە و گرفتە تاکییەکانی ئەندامی گرووپەکەشەوە چووە و هەموو کات یەکگرتوویی گرووپەکەی ڕاگرتووە و کێشەکانی چارەسەر کردوون. بە خۆشحاڵییەوە دەتوانین بڵێین نەوەی سێیەمی ئەم گرووپە (کە لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٩ز) چالاکی دەکات) تا ئێستا هیچ ناکۆکییەک نەکەوتووەتە ناو گرووپەکە و ئەوەش بۆ بەڕێوەبردنی هەرە باشی مامۆستا عابدی دەگەڕێتەوە، زیاتر لە ٩ ساڵە بەبێ پسانەوە گرووپی ئێمە هەموو حەوتوویەک پرۆڤەی هەیە، خۆشحاڵین و بە شانازی دەزانین کە گرووپی نەکەرۆز یەکێک بوو لە یەکەمین گرووپەکانی ڕۆژهەڵات کە ئەندامی کچی هەبووە و نەک لەبەر کچبوونیان، بەڵکو لەبەر تواناییان بوون بە ئەندامی گرووپی ئێمە.

* ئێستا ناوەندێکی پەروەردە و فێرکاریی هونەری میوزیک هەر بەناوی (نەکەرۆز) لە سەقز کراوەتەوە، ئایا ئەمەش هەر دریژەی هەمان تیپی نەکەرۆزە و ئامانجتان چییە؟ چوارچێوەی کارتان چۆن؟

- بەڵێ ئەم ناوەندە هەر دریژەی ئەو گرووپەیە و زۆربەی ئەندامان هاوبەشن و مامۆستا عابدی سەرپەرشتی دەکات، کۆکردنەوە و پاراستنی مۆسیقای کوردی و ئامادەکردنیان بۆ چاپ، پەروەردەی قوتابی، تۆماری ئەلبومی مۆسیقا و تۆماری شیعر و دۆبلاژی تێدا کراوە و دەکرێت، دوو وێبسایتی هەیە و خەریکین هەوڵ بۆ تازەکردنەوەی دەدەین، بەس بەڕاستی بارودۆخی خراپی دارایی بەری بە زۆر لە هەوڵەکان گرتووە، ئەگینا ئەم ناوەندە و ئەندامەکانی پۆتانسیەل و توانایی زۆر لەمە زیاتریان هەیە.

* پلان و بەرنامەی کاری هونەریتان بۆ داهاتوو لە ناوەندی فێرکاری نەکەرۆز چییە؟

- چەندان کتێبی هونەری ئەکادیمیک ئامادەی چاپە، هەروەها چەندان بەرهەمی موزیکاڵی بەنرخ

و ئاستبەرز ئامادەی تۆمارکردنن، بەڵام هەروا کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد لەبەر نەبوونی پشتیوانیی دارایی و میدیایی نەمانتوانیوە هەندێك لە پرۆژەکانمان بەرینە سەر.

* کورتەیەك لە ژیاننامەی هونەری و کار و چالاکییەکانی خۆتان لە بواری هونەری مۆسیقای کوردیدا باس بکەن؟

- من ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی (١٩٩٥ ز) لە سەقز لەدایك بووم و هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لە خزمەت باوکم (مامۆستا عەلی عابدی) فێری ئامێری پیانۆ و ڤیۆلۆن بووم. لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە ئاواز دانانم دەست پێ کردووە و لە ١٥ ساڵیدا یەکەمین مۆسیقای ئۆرکێستراڵی خۆم تۆمار کرد، ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی (٢٠١٣ ز) لە تاران بڕوانامەی ئەندازیاریی دەنگ و فیزیکی دەنگم وەرگرتووە و تا ئێستاش جگە لە ئاهەنگسازی، کاری دەنگهەڵگریم بەردەوامە، ئێستا بڕوانامەی کارناسی (ماستەر)ی ئاهەنگسازی (ئاوازدانان)م لە تاران وەرگرتووە، ڕێبەری ئۆرکێسترا لە خزمەت دامیانا جۆرانا (ڕێبەری ئۆرکێسترای لاوانی جیهان لە ڕاوێنا ئیتاڵیا) و نادر مەشایەخی (ڕێبەری پێشووتری ئۆرکێسترای سەمفۆنیکی تاران) فێر بووم، ئاهەنگسازی لە خزمەت مامۆستایان: عەلی عابدی، حەمیدڕەزا دیبازەر (بەڕێوەبەری پێشووی کۆلێجی مۆسیقای زانکۆی هونەری تاران)، دوکتۆر ئەمیر ڕەمەزانی، ئیحسان سەبووحی فێر بووم، هەروەها دەورەی هارمۆنی و کۆنترپوان و پۆلیفۆنیم لە خزمەت مورتەزا شیرکووهی، شەهرام تەوەکولی و کاوەی جەودەت تەواو کرد، ئۆرکێستراسیۆن لە خزمەت عەلی ئەکبەر قوربانی و ئیحسان سەبووحی و سۆلفێژ لە خزمەت مەهدی قاسمی، فێر بووم.

تا ئێستا چەندان بەرهەمی ئۆرکێستراڵم لە مۆسیقای کوردی ئاهەنگسازی و تەنزیم کردووە لەوانە:

١- ئەلبومی شیرینەکەم (٧ تراك) بە دەنگی ئەردەوان ڕۆستەمپوور.

٢- ئەلبومی هەناسە (٦ تراك) بەدەنگی زرار.

٣- ئەلبومی ژیلەمۆ (٦ تراك) بە دەنگی زرار.

٤- چەند بەرهەمێکیش بۆ هونەرمەندان مستەفا زەریفی، شێرزاد حەسەنزادە.

٥- چەند بەرهەمێکی ئۆرکێستاڵیشم هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی ئۆرکێسترا تۆمار نەکراون.